سەرهاحەدین دەمیرتاش و کورتە چیرۆکەکانی ... ئەحمەد کامەران

سەلاحەدین دەمیرتاش لە دایکبووی ساڵی 1973یە لە ناحیەی پاڵوی سەر بە قەزای ئەلەزیرە, خێزاندارەو خاوەنی دوومندالە وە هاوژینەکەیشی مامۆستایە, هاوکات بە یەکێك لە سیاسەتمەدارو پارێزەرە دیارەکانی باکووری کوردستان دادەنرێت کە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەی لە دەستی داگیرکەران وە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکەی ئەو نەتەوەیەش ناوی(کوردە). لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرێکی پارتی گەلان (هەدەپەیە) لەگەڵ فیگەن یەکسەر داغی هاورێی, بەڕام بەهۆی هەستی نەتەوایەتی و دەربڕینی دەنگی خۆی لە بەرامبەر دەسەڵات دارانی تورکیای شۆڤێنیزم بەڕام بۆ دواجار خۆیی و فیگەن یەکسەر داغی هاوڕێی و لەگەڵ چەندین هاوڕێی دیکەیدا ڕووبەڕووی سزاو ئەشکەنجە بوونەوەو وە لەساڵی 2017 بە بڕیاری سەرۆك کۆماری تورکیای ڕەگەزپەرست ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بڕیاردرا بخرێنە نێو کووچی زیندانەکان بەڕام لە دەرئەنجامی مانەوەی لە زیندانداا بووە هۆی ئەوەی کە لە هاوسەرێکی پارتی گەلان هەدەپە دووربخرێتەوە, بەڕام هەرچەندە بە زیندانی کردنی سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یەکسەر داخ بەیەکەم کاری دەوڵەتی تورکیا دانانرێت کە لە بەرامبەر بە کوردانی سیاسەتمەدارو چالاکوانان ئەنجامی دابێت , چوونکە مێژوویەکی ڕەشی هەیە لە بەرامبەر بە گەلی کورد لە باکووری کوردستان و هەندێ ناوچەی دیکەدا,بەهۆی ئەوەی بەردەوام هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو سیاسەتمەدارە کوردانەی داوە کە دەیانەوێت میلەتەکەیان خاوەنی خاکێکی سەربەخۆ بێت هاوشانی میلەتانی تری جیهان بەڕام لە دەرئەنجام دا ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و زیندانی کردن بوونەتەوە کە زۆرجاریش گەیشتۆتە تیرۆرکردنیان, بەڕام هیچ کاتێك چۆکیان نەداوە بەکو کوچەکانی زیندان بۆیان بۆتە بەرخودانێکی بەهێز بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەیان لەژێر دەستی دووژمنان.

هەرچەندە زیندان بە بەستنەوەی دەست و پێیەکانت دادەنرێت کە ئیتر ناتوانیت هیچ جۆرە جوڵەیەك بکەیت, بەڕام دەمیرتاش توانی لەڕێگایەکی تردەوە دەست بە خەباتی سیاسی خۆی بکات لە نێو کووچی زیندانەوە کە ئەویش لە ڕێگای نووسینی بیست و شەش کورتە چیرۆکی جۆراوجۆر بوو کە لە ڕێگای هەریەکەیانەوە پەنجەی خستبووە سەر ڕووداوە ناخ هەژێنەکان , واتە لێرەوە دەمیرتاش جگە

لەسیاسەتمەدارێك و پارێزەرێك تـوانی خۆی وەکـو چیرۆنـووس و نووسەرێك لە کووچەکانی زیندانەوە درێژە بە خەباتەکانی خۆی بدات, وەهەروەها ئەو بیست وشەش کورتە چیرۆکە توانی لە ڕۆگای دوو کتێبەوە بڵاویان بکاتەوە لە ساڵی 2019 بە ناوەکانی(سەحەر و دەوران) هەڵبەتە سەحەر بە یەکێك لە هەرە کورتە چیرۆکە ناخ هەژێنەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش دادەنرێت هەربۆیەش ناوی یەکێك لە کتێبەکانی بە ناوی کورتە چیرۆکەوە کردوە, هاوکات لەکاتی خوێندنەوی ئەو کورتە چیرۆکە بۆماوەی چەندین ساڵ لەتاو ئازاری ئەو چیرۆکە تووشی خەمۆکیەکی زۆر بوومەوە , چوونکە چیرۆکەکە باس لە ژیانی کچێکی سادە دەکات کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کوڕێکەوە بەڵام کۆتایەکە درێژی لەگەڵ دەکات و هەڵی دەخەلەتێنێت و ڕۆژگیان لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی سەحەر سواری ئۆتۆمبیل دەکەن و لە دەشتاییەکی چۆل بەهەموانەوە دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەری کەتەواوی ژیانی ئەو کچە سادەیە وێران دەکەن , لە بنەڕەتدا چیرۆکەکە درێژە تەنها ئەوەی کە گۆڕاوەکە کورتەیەکی چیرۆکەکە بوو, لەپاڵ سەحەردا ئەو بیست و پێنج چیرۆکەکەی دیکەش هەریەکەیان گۆڕانەوەی ڕووداوێکە کە بە شێوەیەکی زۆر تراژیدیانە گەَڕاونەتەوە.

لەکۆتایی وتارەکەم دا هیوای لەش ساغی وتەندروستم باشی بۆ خەمخۆری گەلی کورد سەلاحەدین دەمیرتاش دەخوازم کە هیوادارم لەنێو کووچەکانی زیندان ئازاد بکرێت چوونکە ئەو شۆنە هی کەسانی وەکو دەمیرتاش نیە بەکو هی کەسانی وەکو ئەردۆغان و هاوشێوەکانیەتی کە ماوەی چەندین ساڵە دەستی بەخوێنی هاوڵاتیانی کوردی سڤیل سەر بووە.